# من نەمزانی...

**سەرهەنگ خامۆش**
Xamosh_s@hotmail.com



من نەمزانی

دڵی تۆ وولاَتێكی پر لەقینە

پڕ لە سەفەری مەرگ و

ئازارەكانی ئەوینە

دوای دابڕان

چیم لەدەست دێ

پاسارییەك سەر هەڵدەگرێ

كێ دەزانێ بۆ كێ دەچێ ؟

*   *   *

من نەمزانی

هەوری خەفەت

دیتە ژێر باڵی یەقینم

لە تۆ زیاتر كەس نابێتە

هاوەڵی دەردو برینم

*   *   *

من نەمزانی

چۆڕێ ئاوی پێڵوی چاوت

لەمن دەبن بە دەریایەك

بۆ دارمانی قەلاٌیەك

بۆشكست هێنانی سوپایەك

*   *   *

من نەمزانی

کامتان شیرنترن لە کامتان

پێکەنینی تریفەی مانگ

لە ئاسمانی گومانەکان

یاخود گریانی

گوڵێکی نێو باوەشی خەزان

*          *          *

من نەمزانی

تەنیا حیکایەتەکانی دایکم

لە شەوی مات و خامۆش دا

دەمخەوێنن...

تەنیا ڕەشەبا شومەکان

گەڵاکانی ئەم دەڤەرە

دەوەرێنن...

*          *          *

من نەمزانی

تەمەنی گوڵی عەشقمان

لەباوەشی بەهارێکی دۆڕاودا کورتە

ئەی نازانی دوای وەرینیش

دڵم هەر ئاوێتەی دڵتە..؟!